# جێگری سەرۆکی هەرێم پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی نوێی فەرەنسا دەکات

ئەمە چوارشەممە،مستەفا سەید قادر جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە یان برەم، کونسوڵی گشتیی نوێی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند:"لە دیدارەکدا دوایین ئاڵنگاری و پێشهاتە سیاسییەکان و هەڵومەرجی هەرێمی کوردستان، عێراق و ناوچەکە، هێنگاوەکانی بنیادنانی سوپایەکی دامەزراوەیی و پرسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی پێشمەرگە، کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا، پرسی نەوت و بڕیاری دادگای پاریس لەمبارەیەوە، هەکارەکانی دواکەوتنی مووچە و پرسەی خوێندن، خراپیی ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، خرانە بەر باس و گفتوگۆ".

ئاماژەی بەوەکرد" جێگری سەرۆک وەزیرانی پێشکەشکردنی پیرۆزباییی دەستبەکاربوون بە کونسوڵی گشتیی نوێی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان، هیوای سەرکەتنی لە ئەرکە نوێکەیدا بە خواست، سوپاسی فەرەنساشی کرد کە پشتیوان و هاوکارەکی گرنگی گەلی کوردستان بوون لە قۆناغە جیاوازەکاندا، هەروەها جەختی لە گرنگیی بوونی ستراتیژێکی هاوبەشی نیشتمانی و یەکهەڵوەستیی نەوان لایەنە سیاسییەکان کردەوە

بەرامبەر بەو دەخە هەستیارەی ناوچەکە پەیدا تەپەڕە دەبەت".

بەپێی بەیاناەکە تاوتوەکردنی بەرەوپەشبردنی زیاتری پەیوەندییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا و چەند بابەتەکی جێی بایەخی هاوبەش، لایەنەکی دیکەی دیدارەکە بوو.